کورتەیەک دەربارەی هۆزانڤان و بیرمەندی نەتەوەپەروەری کورد، حاجی قادری کۆیی:

ناوی تەواوی حاجی قادری کۆیی: قادر مەلا ئەحمەد مەلا سالّح مەلا ئەحمەدی گەورەی کۆییە. حاجی قادر لە ساڵی 1817 دا لە گوندی (گۆڕقەرەج) لە دەڤەری کۆیە لەدایک بووە. لە منداڵییەوە باوکی مردووە و دایکی لە تەمەنی 7 ساڵیدا بۆ خوێندن ناردوویە بۆلای مەلا ئەحمەدی خاڵۆزای، پاش دووساڵ دایکیشی کۆچی دوایی دەکات و خاڵۆزاکەی ئەرکی بەخێوکردنی حاجی دەگرێتە ئەستۆ. وەک دەڵێن، زۆربەی بلیمەت و مرۆڤە زیرەک و هەڵکەوتووەکانی مێژوو، بە بێ باوک و دایکی و لە هەژاری و ئاوارەییدا گەورە بوون، حاجی قادریش ئەم هەڵکەوتەی ژیانیەی و دوورکەوتنەوەیی و ژیانی تەنهایی و بێ داک و باوکی هەژاری و ئاوارەیی، ئەو حاجی قادرە بلیمەت و هەڵکەوتووەی لێدروستکردووە. حاجی زۆر تامەزرۆی خوێندن و خوێندەواری و گەشت و گەران و شوێنبینین بووە، هەر بەم هیوا و ئاواتەوە لە هاوینی ۱۸۵۳ لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بۆ خوێندنی فەقێیەتی روو دەکەنە گوندی شێخ وەتمان. پاشان بۆ درێژەپێدانی خوێندن و خوێندەواری، حاجی قادر تاک و تەنها روو لە شارەکانی سەردەشت و سابڵاخ و شنۆ دەکات و لە ساڵی ۱۸۶۲ ڕوانامەی مەلای خاوەن دوانزە زانست (ئیجازەی دوازدە عیلم) وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە. لەڕاستیدا حاجی قادری کۆیي، حەجی نەکردووە و ئەم نازناوەی لەوەوە پێدراوە کە لە مانگی گەشتکردنی حاجییەکاندا لەدایک بووە و ئەو نازناوی حاجییەیان بەسەردا داپڕییوە. حاجی قادر لە ژیانیدا ساڵانێکی لە ئەسەمبوڵی پایتەختی خەلافەتی عوسمانیدا ژیاوە. ئاشکرایە کە ئەو جیاوازیی کۆمەڵگە و ژیانەی ئەستەمبوڵ کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی حاجی هەبووە و ئەو بیرکردنەوە و هەست و تێگەیشتنانەی خۆی بەهۆی نەبوونی گۆڤار و رۆژنامەی کوردییەوە، بە هۆنراوە دەربیوە و بە هۆنراوەکانی هەستی نەتەوەپەروەریی خۆی دەربڕیوە و بووە بە سەرچاوەی سرووش بۆ گەلێک لەه هۆزانڤان و نووسەرانی دوای خۆی. ئاجی قادر، دوای بابا تاهیری هەمەدانی و ئەحمەدی خانی، بە باوکی نەتەوەپەروەری و نیشتمانیی کورد و کوردستان دادەنرێت. ئەمەش لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا رەنگیان داوەتەوە و بە هۆنراوەکانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەپەروەریی خۆی دەربڕیوە و هانی نەوەکانی کوردی داوە بۆ خۆشەویستیی و نەتەوە و نیشتمان و گرنگی و بایەخدان بە زمان و فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردی. لە هۆنراوەکانیدا جەختی لەسەر تەبایی و یەکێتیی نەتەوەیی کورد کردووە و ئاواتی ژیانی ئازادیی و پێشکەوتن و یەکێتیی کورد و یەکگرتنەوە و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی کوردستان بووە.

دووا وشە دەبێت بڵێین: لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی، جەندین پەڕتووک و نامیلکە و وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر نووسراون، بەڵام لە ئێستا و لە داهاتووشدا، هەرچەندێک لەسەر ژیان و بەرهەم و هۆنراوە و بیروباوەڕەکانی حاجیی نەمر بنووسرێت، هێشتا هەر کەمە و پێویستە و شایستەیەتی.

- هەزاران سڵاوی رێز و خۆشەویستی بۆ گیانی پاکی هۆزانجانی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەری کورد، حاجی قادری کۆیی، رەوانیان شاد و ئاسوودە بێت.

- هەزاران تجە گوڵینی رێز و ئەمەک بۆسەر گڵکۆی پیرۆزیان.

بەختیاری شەمەیی

ئەمستەردام،

22.07.2014

هەر کوردە

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت

بێ بەهرە لە خوێند و کیتابەت

بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی

ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی

یەکسەر عولەما درشت و وردی

ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی

ئۆستادی خەتن لە ئەم سیانە 1

وەک دی لە زبانی خۆی نەزانە

مومکین نیە دەربچێ لە چنگی

حەتتا ڕەقەم و خەتی فەڕەنگی

ساحێب کوتوب و پەیامە هەر کەس

ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس 2

کاکە ئێمە موئمینین نە ڕووسین 3

بۆچ کفرە زوبانمان بنووسین

میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین

غەیری کوردان نیە لە ڕووی زەمین 4

سێ قەبیلە حەقیر و بێ ڕومستن

کورد و ڕۆم و یەهوودی گومڕاهن 5

ڕۆم و جوو چاکە ئیتیفاقیان هەیە

کوردە بێ غیرەتی و نیفاقی هەیە

جینگەنەی ئێرە باوجوودی کەرن

هەروەکوو دۆمی ئێمە دەربەدەرن

لێوە عاقڵترن بە سەد مەنسەب

کوڕی خۆیان دەنێرنە مەکتەب

ئێستەکێ ئامیرانی کوردستان 6

هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان

هەتیوانی مەکتبەن یەکسەر

کوردەکان بار دەکەن وەکوو ماکەر

وا دیارە هەتاکوو دنیا بێ

کوردەکان حاڵییان دەبێ و بێ

جوو چ قەدری هەیە لە نێو کوردان

غەیری لێدان و جوێن و تێهەلدان

حاڵەتی ژێر دەستی هەر وایە

نۆکەری چاکی کاری بۆ نایە

---

1- مەبەستی لەم سیانە، زمانەکانی عارەبی و فارسی و تورکیە.

2-چەرکەس: نەتەوەیێکی قەفقاس نشینە، بەڵام لە دوایی دا زۆربەیان بەناو تورکیا و سوریە و ئۆردن بڵاو بوونەوە و کەوتنەژیانێکی دەربەدەری.

3- ئەم نویە دێرە شیعرە لە هەر سەرچاوەیێکدا بە جۆرێک هاتووە. لە دەقی م.ر.س دا بەمجۆرهە هاتووە:

ئێمە کە موئمینین نە ڕووسین)) لە دەقی ع.س یشدا نووسراوە (( ئێمە موئمینین نە ڕووسین)). ئێمە )) نەپێی دەقی ت.ر نووسیمانەوە. موحەمەدی مەلا کەریم.

4- مامۆستا مەسعوود محەمەد وای بۆ دەچێ کە لەم دێرەوە بەحرێ هەڵبەستەکە دەگۆڕێ و دەبێ بە هەڵبەستێکی نوێ. بەڵام وەک سەرنجمان دا لە هەموو سەرچاوە چاپ کراو و دەستنووسەکاندا هەر بەمجۆرە و لەگەڵ ئەم هەڵبەستە هاتووە، بۆیە وەکوو خۆیمان هێشتەوە.

5- ئەم بەیتە لە تێکستەکەی گۆڤاری ڕۆژی کورد ( رۆژ کرد،ژمارە2) دا هەیە، نووسیمانەوە. بەڵام ڕستەی ناو دوو کەوانەکەمان بۆ ساغ نەکرایەوە. وەک خۆی نووسیمانەوە. وشەی((ڕۆم))ی بەیتی پاشەوەشمان لەم تێکستە وەرگرت. لە دەسنووسە ئەسلەکەدا((قەومی))بوو، لام وایە وشەی((ڕۆم)) لەم بەیتە و لە بەیتی پاشەوەشدا هە ڕاستیدا ((دۆم)) بێ. چونکە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ بەراورد کردنی ڕۆم کە واتە عوسمانی بە کورد و بە جووی ئەو سەردەمە. پەندێکی پێشینانی کوردیش هەیە دۆم و جووی لەگەڵ فەقێ پێکەوە تیا کۆ کراوەتەوە، ئەڵێ ((جوو لە ترسا، فەقێ لە برسا، دۆم بۆ پەڕۆ، ئەم سیانە خۆش ئەڕۆ))، واتە: بە پەلە ڕێ ئەکەن. موحەمەدی مەلا کەریم.

6- لە دەقی ت.ڕ دا ((ئێستەکێ کوردەکانی کوردستان)) هاتووە.

دیوانی حاجی قادری کۆیی

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا.

پێداچوونەوەی: مامۆستا مەسعوود محەمەد.

ل 219-220.